
# یاداشتنامەی نێوان
# دەروازەیەکی کرانەوەی ئابـــ





گوڵان
ژمارە (٧٨٧)
٢٠١٠/٦/٢٨



# فەرەنساو كوردستان
# ـــوورییە بەرەو یەكێتی ئەوروپا

ئیمزاكردنی یاداشـــتنامەی لێكتێگەیشـــتن لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردســـتان و حكومەتی فەرەنســـا، وەرچەرخانێكە لەپەیوەندی نێودەوڵەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و جیهان. لەم ســـەردانەی بارزانی بۆ پاریس ســـەرۆكی هەرێم وەك ســـەرۆك دەوڵەت پێشـــوازی لێكرا، تەنانەت یەكێك لەهەرە دەوڵەتە پیشەسازی و پێشـــكەوتووەكانی ئەوروپاو دنیا ئامادەیی نیشـــاندا، بۆ بەرزكردنەوەی ئاســـتی هاوكاری و یارمەتی ئابووری لەگەڵ هەرێمی كوردســـتان. فەرەنسییەكان دەیانەوێت هاوكاری گەلی كوردستان بكەن و،لەدەرگای ئابوورییەوە دێنە هەرێمی كوردستان، كاتێك بێرنارد كۆشنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنســـا لەبەردەم رۆژنامەنووســـان گووتی: ((لەداهاتوویەكی نزیكدا دەمانەوێت بوونێكی بەهێزمان لەهەرێمی كوردستان هەبێ..))ئەمە نیشـــانەی بوونی متمانەیە بەداهاتووی هەرێمەكەو دانپێدانێكیشـــە بەمافی ئەم هەرێمە فیدرالییە لە واژوو كردنی یاداشتنامەو رێكەوتنامە ئابوورییە نێودەوڵەتییەكان. سەرەتای رێگایە بۆ ئەوەی ئابووری هەرێمەكە بەرەو دامەزراوەیی ببەین و لەئاست ئەو كرانەوە ئابوورییەدا بین.

ئابـــووری
گوڵان
ژمارە (٧٨٧)
٢٠١٠/٦/٢٨



**پرۆفیسۆر دکتۆر هۆشیار مەعروف توێژەری ئەکادیمی و شارەزای ئابووری:**

# یاداشتنامەکە تێکشکاندنی هەموو ئەو کۆت و بەربەستە سیاسی و نادەستوورییانەیە، کە هێزە شۆڤێنییەکان لەبەردەم هەرێمی کوردستان دایانناوە

> یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن وەرچەرخانێکە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و جیهان

> یاداشتنامەکە بەویست و خواستی هەرێمی کوردستان و فەرەنسییەکان نووسراوەو، بەهەردوو زمانی کوردی و فەرەنسایی ئامادەکراوەو هەموو مەرجە یاسایی و دەستوورییەکانی تێدایە

لەژمارەکانی رابردووی گوڵاندا ئاماژە بە ووردەکاری نووسین و ئامادەکردنی یاداشتنامەکە کرا، یاداشتنامەکە بەویست و خواستی هەرێمەکەو فەرەنسییەکان نووسراوەو، بەهەردوو زمانی کوردی و فەرەنسایی ئامادەکراوە، هەموو مەرجە یاسایی و دەستوورییەکانی تێدایە، ئەوەتا لەسەرەتای یاداشتنامەکەدا هاتووە : (حکومەتی کۆماری فەرەنسا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم یاداشتە واژوو دەکەن -لەچوارچێوەی پەیوەندی باش لەنێوان حکومەتی کۆماری فەرەنساو حکومەتی عێراقی فیدرال، هەروەك لە رێکەوتنامەی هاوبەشی نێوانیان دەردەکەوێت لەبواری کلتووریی و زانستی و تەکنیکی و هاوکاری پەرەپێدان . بەپێی مەرجەکانی دەستووری عێراق، کە رێگا بە هەرێمەکان دەدات بەرنامەی هاوکاری دەرەکی ئەنجام بدەن لەبواری کەلتوور و پەروەردەو ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی)، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا لەبواری ئابووری دەڵێت: لەدەستووری عێراق دا ئەو مافە دراوە بەهەرێمی کوردستان تاوەکو رێکەوتنامەو یاداشتنامە لەگەڵ وڵاتانی بیانی واژوو بکات، لەپێناو پەرەپێدانی ئابووری هەرێمەکەو پێشخستنی بوارەکانی دیکە، دەکرێت لەو دەرفەتە سوود وەربگرین و بەشێوەیەکی باش و رێکو پێك بەپێی بەرنامەو پلانی زانستییانە خۆمان بۆ کرانەوەی ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئامادە بکەین..

پرۆفیسۆر دکتۆر هۆشیار مەعروف توێژەری ئەکادیمی و شارەزای ئابووری پێی وایە یاداشتنامەی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هەرێمەکەو دانیشتوانەکەیی و سەرەتایەکیش دەبێت بۆ کرانەوەی هەرێمەکە بەرووی جیهانی دەرەوەی پێشکەوتوو. لەم راپۆرتەدا باس لەو مەراسیمە رەسمی و گەورەیە ناکەین کە تێیدا یاداشتنامەکە ئیمزا کراو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی نێوان سەرۆکی هەرێم و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا خرایە روو، هاوکات دەکرێت دەقی یاداشتنامەکە لەویب سایتی گوڵان www.gulan-media.com بخوێنرێتەوە، بەڵکو تیشك دەخەینە سەر پرۆژەی داهاتوو لەچوارچێوەی یاداشتنامەکە دەکرێت لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت و خوودی سەرۆکی هەرێم چاودێر بێت لەبەرێوەچوونی کارو پرۆژەکان، ئەمەش هێزێکی زیاترو خواستێکی فراوانتر بەجێبەجێکردنی یەکەیەکەی برگەو خاڵەکانی ناو یاداشتنامەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا مسۆگەر دەکات، هاتنی بیزنس و گەورە کۆمپانیاکانی فەرەنسا بەرژەوەندییەکانی هەرێم و ئەو وڵاتە بەهێز دەکات و پەیوەندییە سیاسی و کلتوورییەکانیش لەگەڵ خۆی دەباتە ئاستێکی بەرزەوە، ئەمەش هەنگاوێك دەبێت بەرەو هاتنی کۆمپانیاو وەبەرهێنەکانی وڵاتانی تری ئەوروپا، چونکە فەرەنسا وڵاتێکە خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە لەمەعریفەو کلتوورو زانست و تەکنەلۆژیا، بەوە ناسراوە هەنگاوی نایاسایی نانێت ..لەمبارەیەوە کونسوڵی گشتی فەرەنسا لەهەولێر فریدریك تیسۆ لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا گووتی: ((دوای ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەو پێشوازییە گەرمەی سەرۆك سارکوزی بارودۆخەکە دەگۆڕێت و دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیاکانی فەرەنسا لەبارتر دەبێت..)). کاتی ئەوە هاتووە لەمەودوا بەخێراییەکی زیاترەوە رووبکەینە بواری وەبەرهێنان و ئابووری هەرێم نەك تەنیا ببێتە روویەکی گەش و پەرەپێدان بۆ خوودی هەرێمەکە بەڵکو بەسوود بۆ ئابووری دارماوو ناسەقامگیری عێراقیش بگەڕێتەوە، «عێراقەکەی تر لاسایی و چاو لەم عێراقە نوێ و جیاوازە بکات» ئەمە وتەی چەندین شارەزایانی بیانییە، کە هەرێمی کوردستان بەعێراقێکی جیاواز لەعێراقە ناسەقامگیرو نائارامەکە وەسف دەکەن، کاتێك سەرۆکی هەرێم هەوڵی پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە ئابوورییە دەرەکییانە دەدات ئەزموونی تایوانمان بەبیر دێتەوە ئەو وڵاتەی لەناو مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان بەدەوڵەت باس ناکرێت بەڵام توانیوێتی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ خۆی دروست بکات و مامەڵەی دەوڵەتی لەگەڵ بکرێت و، لەرووی ئابووریشەوە دەکرێت لە لیستی بڵنگەکانی ئاسیا دابنرێت و پلەی ١٤ یەمین وڵاتی لەبازرگانی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوەو رێژەی هەژاری بۆ کەمتر لە ١٪ دابەزیووەو رێژەی هەڵئاوسانیشی تەنیا ٢٪ ە، کاتێك دوای ٦ مانگ گەشتیارێك دووبارە سەردانی تایوان بکاتەوە هەست بە نوێبوونەوەو گۆڕانکاری دەکات، ئەم وڵاتە گەرچی تاکو

ئێستا لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەناسراوە، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی و بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابوورییەکانی دۆخێکی وای خستۆتەوە سەرجەم وڵاتان مامەڵەی دەوڵەتی لەگەڵدا بکەن، تایوانییەکان بەهاوشێوەی کۆرییەکانی باشوور دڵسۆزی کارەکەیانن، ئەمەش نهێنی سەرکەوتنی تایوان و وڵاتانی تری بڵنگەکانی ئاسیاو کۆریای باشورە.

هەرێمی کوردستانیش بەراورد بەعێراق بەرەو پێشەوە دەچێت، بەڵام ئەرکی سەرشانی یەکە یەکەی دامودەزگا حکومی و کەرتی تایبەتە هەنگاوەکان بەرەو بەدامەزراویکردنی ئابووری خێراتر بنێن و هەموو بنەماکانی گەیشتن بە ئابووری بازاڕ لەم هەرێمەدا بچەسپێنن، هەر لەبەدامەزراویکردنی کەرتی گشتی و تایبەتی تاوەکو کارکردن بۆ پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی و گەڕانەوەی پێگەو دەسەڵاتی چینی ناوەند تاوەکو دژایەتیکردنی گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراتییەتی سلبی. با لەئەزموونی هەرێمی هۆنك كۆنگەوە فێری سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی بین، کاتێك ئەم هەرێمە گەڕایەوە ناو باوەشی وڵاتی زیاتر لە ١ملیارو ٥٠٠ ملیۆن کەسی بەو ئابووری و هێزە گەورەی دەسەڵاتدارنی بکین نەیانتوانی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی هۆنك كۆنگ زەوت بکەن، تاکو ئەمڕۆ تەواوی سەربەخۆیی ئابووری هەیەو پەیڕەوی ئابووری بازاڕ دەکات و هەموو ئازادییەکان لەو هەرێمە زامن کراوە، ئەمڕۆ هۆنك كۆنگ و بکین یەك وڵاتن بەدوو سیستەم و ئابووری و سیاسەتی جیاواز. دەکرێت هەرێمی کوردستانیش چی تر پابەندو پاشکەوتەی ئابووری ناوەند نەبێت و چاوەڕێی باشبوونی بارودۆخەکەی بەغدا نەکات و، ململانێ و کێبرکێ سیاسییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقی تێپەڕێنێت و روو لەکرانەوەو پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بکات.

پرۆفیسۆر دکتۆر هۆشیار مەعروف سەبارەت بەگرنگی یاداشتنامەکەو شێوازی خۆئامادەکردن بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی بڕگەو خاڵەکانی ناو یاداشتنامەکە پێی وایە: هەرێمی کوردستان بەو پێیەی نوێنەرایەتی لە کونسوڵخانەکانی عێراق لەدەرەوە هەیەو مافی سروشتی و یاسایی خۆیەتی ئەمجۆرە یاداشتنامانە واژوو بکات، تەنانەت لەبڕگە و یاساکانی ناو دەستووریشدا ئەو مافە دراوە بەهەرێمە فیدرالییەکان، گەرچی تاکو ئێستا من پێم وایە جۆرە ناشەفافییەتێك لەمافەکانی هەرێمەکان لەعێراقی فیدرال هەیە، ئەم



## مامۆستا عەبدولحەکیم خەسرەو پسپۆر لەبواری زانستە سیاسییەکان:

# وڵاتانی ئەوروپا یاداشتنامەی لێگتێگەیشتن لەگەڵ وڵات و هەرێمێکدا مۆردەکەن کە کۆمەڵێک مەرج و پێوەری یەکێتی ئەوروپای تێدا بێت

هەنگاوەی سەرۆکی هەرێمیش لەچوارچێوەی دەستووردا دێت و بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو دەستکەوتێکی زۆر زۆرە بۆ گەلی کوردستان، فەرەنسا وڵاتێکی یاساییە رۆژێك لە رۆژان کارێکی نایاسایی ناکات زیان بەناوبانگی و دامەزراوە پێشکەوتووەکانی بگەیەنێت، یاداشتنامەکە تێکشکاندنی هەموو ئەو کۆت و بەربەستە نایاسایی و نادەستوورییانەیە کە هێزە شۆفێنییەکان لەبەردەم هەرێمی کوردستان دایانناوە، بەڵام هەنگاوە بوێرەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەجێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنامەو گرێبەستانەی کە مافی نەتەوەی کوردی تێدایە سەرەتای تیکشکاندنی کۆت و بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی کوردستانیشە.

مامۆستا عەبدولحەکیم خەسرەو پسپۆر لەبواری زانستە سیاسییەکان لەمبارەیەوە دەڵێت: بەپێی سیستەمی فیدرالی مافی هەرێمەکانە پەیوەندی ئابووری و کلتووری لەگەڵ وڵاتەکانی دەرەوە ببەستن، ئەمەش بەپێی یاساو دەستوور کارێکی ئاساییەوەو رێگای پێ دراوەو بڕگەیەکی یاساییە، ئەزموونی سیستەمی فیدرالی لەوڵاتانی جیهان بەو شێوەیە دارێژراوە کە هەرێمی فیدرالی دەتوانێت پەیوەندی کلتووری ئابووری زانستی لەگەڵ وڵاتانی بیانی ببەستن، لەپێناو پەرەپێدانی ئابووری و گەشەکردنی هەرێمەکەو وڵاتەکە، لەرووی سیاسییەوە دەتوانین بڵێین ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو کە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم ئیمزا بکات، گرنگی ئەم یاداشتنامەیە لەوەدایە کە لەگەڵ وڵاتێکی وەکو فەرەنسا مۆرکراوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا بەتایبەتی فەرەنسا لەگەڵ وڵاتێکدا یاداشتنامەی لێگتێگەیشتن مۆردەکەن کە کۆمەڵێك مەرجی تێدا بێت و لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا بگونجێت لەوانە: سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و دامودەزگاکانی ئەو هەرێمە پرۆفیشناڵ بێت، چونکە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا رێککەوتن و

دڵسۆزی کار لەلای هاوڵاتی تایوانی نهێنی سەرکەوتنی تایوان و وڵاتانی تری بڵنگەکانی ئاسیاو کۆریای باشورە

گەرچی تایوان تاکو ئێستا لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەناسراوە، بەڵام پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دۆخێکی وای خستۆتەوە سەرجەم وڵاتان مامەڵەی دەوڵەتی لەگەڵدا بکەن



فریدریک تیسۆ کونسوڵی گشتی فەرەنسا لەهەولێر لەوەڵامێکی (گۆڤاری گوڵان)دا:

# کۆشنەر گووتی ٣٠ ساڵ بوو چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد بارزانی و ئاڵای کوردستان پێکەوە لەفەرەنسا ببینم

**دەکرێت هەرێمی کوردستان چی تر پابەندو پاشکەوتەی ئابووری ناوەند نەبێت، ململانێ سیاسییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقی تێپەڕێنێت**

یاداشتنامە لەگەڵ وڵات و هەرێمێکدا دەکەن کە شەفافییەتی تێدا بێت و بگرە پاڵپشتی بەرەوپێشەوە بردنی دامەزراوەیی ئابووریش دەکەن. زۆربەی بڕگەکانی یاداشتنامەکە پەیوەندی بەبواری ئابووری و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە هەبوو لەمبارەیەوە مامۆستا عەبدولحەکیم پێی وایە: کاتێك هەرێمی کوردستان سوود لە ئەزموونی فەرەنسا وەردەگرێت، تەنها کاریگەری لەسەر گەشەکردنی لایەنی ئابووری نابێت، چونکە ئابووری هەر هەرێم و وڵاتێك پەیوەستە بەکلتوورێکی رۆشنبیری و مەعریفییەوە، فەرەنسا ئەندامە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەندامێکی سەرەکی و چالاکی دامەزرێنەری یەکێتی ئەوروپایە، دەوڵەتێکە لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی سەنگ و پێگەی بەهێزی خۆی هەیە، ئەمەش کاریگەری باشی دەبێت کاتێك هەرێمی کوردستان یاداشتی لێگتێگەیشتن لەگەڵیدا ئیمزا دەکات، واتای ئەوەی هەیە سەرۆکی هەرێم توانی دەوڵەتێکی وا بەهێز بهێنێتە ناو هەرێمەکەوەو لەداهاتوویەکی نزیکدا سوود لە ئەزموونی کلتووری و ئابووری و مەعریفی ئەو وڵاتە وەربگرین، بۆ ئەوەی هەموو بوارەکانی هەرێمی کوردستان گەشەی پێ بدەین، لەلایەکی ترەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراوەی یاسایین و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بەمەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانمان لەسەرجەم بوارەکان پرۆفیشناڵی و یاسایی پێوە دیار بێت و بیرۆکراسی ئیجابی هەبێت و دامەزراوەکانمان بگەنە ئاستی دامەزراوەکانی وڵاتێکی وەکو فەرەنسا، یاخوود دامەزراوەییەك بێت رێکخراوو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا متمانەو مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

بەمشێوەیە رەهەندە ئابووری و سیاسییەکانی نزیکبوونەوە لەفەرەنساو یەکێتی ئەوروپا بۆ هەرێمی کوردستان زۆر سوودبەخشە.

**سارکوزی پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بۆ سەردانی کوردستان و سەرۆکی فەرەنساش خاوەنی قسەی خۆیەتی و پابەندە بەبەڵێنەکەیەوە**

### پاڵپشتی و پشتگیریکردنی یاداشتنامەکە لەکوردستانەوە دەست پێ دەکات

چارەنووسی داهاتووی هەموو یاداشتنامەو رێکەوتنێکی ئابووری و واژووکردنی گرێبەستێکی ئابوورییانە پەیوەندی توندی بەئاستی پەرەپێدان و پێشکەوتنی دامودەزگا حکومی و کەرتی تایبەت هەیە، بەوەی تاچ ئاستێك توانیومانە ئابووری بەدامەزراویکردن ببەین و خۆمان بۆ رووداوە کتوپڕەکان ئامادەکردبێت و، ژینگەیەکی لەبار بۆ جێبەجێکردنی یاداشتنامەکەش ئامادە بکەین، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر دکتۆر هۆشیار مەعروف پێی باشە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان لەناوخۆی هەرێم و دامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان پێویستە پاڵپشتی لەجێبەجێکردنی یاداشتنامەکە بکەن، کەرتی گشتی و تایبەت و دامودەزگاو کۆمپانیاکان و پارتە سیاسییەکانیش پابەندبن بەو رێکەوتنامانە بەجیاوازی بیروڕاو بۆچوون و ئینتماکان، چونکە ئەو پەیوەندییانە بەستراوەتەوە بەلایەنی نەتەوایەتییەوە. رێکەوتنامەکە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ بێرناردکۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا



کاتێك هۆنك کۆنگ گەڕایەوە ناو باوەشی وڵاتی چین حکومەتی بکین نەیتوانی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی ئەو هەرێمە زەوت بکات



**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا لەبواری ئابووری:**

# فەرەنسییەکان لەدەرگای ئابوورییەوە دێنە هەرێمی کوردستان، پێویستە ئابووری و دامەزراوەکانمان بۆ ئەم قۆناغە ئامادە بکەین

مۆرکراوە لەلای فەرەنسییەکان پەیوەندی دوو قۆڵی قورسایی و گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو بەلابردن و تەواوبوونی پۆستی سەرۆك و بەرپرسێك کۆتایی نایەت و ئەوان پابەندی رێکەوتنامەکانن، لەلایەن وڵاتی پێشکەوتوو دامەزراوەکان یاداشتنامەو رێکەوتنامەکان واژوو دەکەن، فەرەنسییەکان بەرژەوەندی وڵات و ئابووری و نەتەوەکەیان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکانەوەیە. پێویستە لەلایەن خۆشمانەوە ئەو خاڵانەی لەیاداشتنامەکەدا هاتووە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و بەرنامەیەکی سەرتاسەری لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دابرێژرێت و بەشدار بن و لەهەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و خوێندەواری، تەنانەت ریزبەندی بۆ ئەو کارو پرۆژانە دابنێین کە جێبەجێکردنی بۆ ئێمە زۆر پێویستەو هەوڵبدەین ریزبەندی ئەو پرۆژەو خاڵانە پێش بخەین. لەمبوارەدا چەند خۆمان ئامادە بکەین و هەوڵی رێکخستنی دامەزراوەکان بدەین و بەرنامەی زانستییانەمان هەبێت، باشتر خاڵ بەخاڵی ناو یاداشتنامەکە جێبەجێ دەکەین، با کەمێك واز لە ململانێ ناوخۆییەکان بێنین و هەوڵی ئەوە بدەین بەرژەوەندی رۆژئاوا بهێنینە ناوخۆی هەرێم.

یەکێك لەو خاڵانەی کە لەیاداشتنامەکەدا لەدوای پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان هاتووەو لەدوای خاڵەکانی تایبەت بەبواری کەرتی کشتوکاڵ و وزە ئاوو ئاوەڕۆ هاتووەو تایبەتمەندییەکی زۆری لەخۆگرتووە مەسەلەی سەرمایەی مەعریفی و پەرەپێدانی مرۆییە لەمبارەیەوە دکتۆر هۆشیار مەعروف دەڵێت: فەرەنسا بەدرێژایی مێژوو گرنگییەکی تایبەتی بە کلتوورو رۆشنبیری و پەرەپێدانی مرۆیی داوە، بۆیە دەکرێت لەبواری کلتووری و مەعریفی سوودێکی زۆریان لێوەربگرین.

هاوکات پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد شەعبان پێی وایە: فەرەنسییەکان پێیان خۆشە لەکوردستان کارمەندو کرێکاری لێهاتوو بەتوانا بوونیان هەبێت، بۆیە ئەوان لەرێگای پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفییەوە دەست پێ دەکەن، ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە زیاتر بایەخ و گرنگی بەخولەکانی مەشق و راهێنان بدات، لەسەردەمی ئەمرۆدا پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفە گرنگی لە پەرەپێدانی ئابووری کەمتر نییە، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت سوود لەکۆمپانیاکانی فەرەنسا وەربگیرێت.

فەرەنسییەکان دەیانەوێت لەدەرگای ئابوورییەوە بێنە هەرێمی کوردستان، پێویستە ئابووری خۆمان بۆ ئەو قۆناغە رێك بخەین و دامەزراوەکانمان رێك بخەین و هەوڵی ئەوەبدەین ئابوورییەکەی کوردستان والاّ بێت و لەئاست کێبرکێ و ئابووری جیهاندا بێت. دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام یاسای وەبەرهێنان پێشخرێت و بەپێی قۆناغ و گۆڕانکارییەکان ریفۆرمی ئابووری و چاکسازی یاسایی ئەنجام بدەین.

یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن ئەو تێگەیشتنە

**یاداشتنامەکەی فەرەنساو کوردستان رێگایەکە بۆ نیشاندانی کارکردنی هاوبەش**

**رەهەندە ئابووری و سیاسییەکانی نزیکبوونەوە لەفەرەنساو یەکێتی ئەورووپا بۆ هەرێمی کوردستان زۆر سوودبەخشە**



هاوبەشـــەیە کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی فەرەنسـا مۆرکـراوەو، دەبێت خۆمان بۆ ئەو قۆناغە ئامــادە بکەین، چونکە دوای ئەم پەیوەندییە پێشـــبینی ئـەوە دەکرێت دەیان کۆمپانیاو وڵاتانی تـری ئەوروپایی و بیانی و بگرە عەرەبـی و کەنداویش روو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

## یاداشتنامە ڕێگایەکە بۆ نیشاندانی کارکردنی هاوبەش

بۆ باســکردن و تیشك خستنە سەر ووردەکاری سەردانەکەی سەرۆکی کوردستان بۆ فەرەنساو دیدارە مێژووییەکەی نێوان نیکۆلا سارکوزی و سەرۆکی فەرەنساو سەرۆك بارزانی سەرۆکی کوردســتان و پرۆژەی داهاتــووی ئەو وڵاتە بــۆ پەرەپێــدان بەپەیوەندییــە ئابوورییەکانی فریدریك تـیسـۆ کـونسوڵی گشتی فەرەنسا لــە هەولێــر کـۆنگرەیەکی رۆژنامەوانــی بۆ چوار کەناڵــی راگەیانــدن ســازدا کــە گۆڤاری گــوڵان ئامادەبیــوو، لــەو کــۆنگــرە رۆژنامەوانییــەی کونســوڵی گشــتی فەرەنســا لەهەولێــر کــە ئامــادەی ئەو ســەردانە مێژووییە بــوو بەرێزیــان تیشــکی خســتە سەر گرنگی ئەو ســەردانەو بەدەستکەوتێکی مێژوویــی گرنگــی دانــا فریدریــك پێی وابــوو: ئەو ســەردانە دەبێتە ســەرەتایەك بۆ پتەوکردنــی پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنســاو هەرێمی کوردســتان و بگرە زۆر وڵاتانی تری ئەوروپایــی، ئەمە بۆ یەکەمیــن جارە ئاڵای کوردستان و فەرەنساو یەکێتی ئەوروپا بەمشێوە رەســمییە دادەنرێن، ئاڵاش هەروەکو کونسوڵی گشتی فەرەنسا لەهەولێر ئاماژەی بێ دەکات مانــاو واتایەکــی زۆر هەڵدەگرێت، ئەمەش نیشــانەی رێزگرتنی ئەو وڵاتەیە لەئیرادەی گەلــی کوردســتان، لەســەرەتای کۆنگــرە رۆژنامەوانییەکەیدا کونسوڵی گشتی فەرەنسا لەوەڵامێکی گۆڤاری گوڵان دا تیشکی خستە ســەر گرنگی دیدارەکەی سەرۆکی فەرەنساو ســەرۆکی کوردســتان و گووتی: دیدارەکەی نێوان هەردوو ســەرۆك دیدارێکی وا ئاسایی نەبوو بە تایبەتی کــە تێیدا وێڕای ئاڵاکانی فەرەنساو عێراق ئاڵای کوردستانیش هەڵکرا، کۆشــنەر گووتی ٣٠ ساڵە چاوەڕوانی ئەوەم دەکــرد بارزانی و ئاڵای کوردســتان پێکەوە لە فەرەنسا ببینم.

لە تەوەرێکــی وەڵامەکەی گۆڤاری گوڵاندا فریدریك تیســۆ گووتی: سەرۆك سارکوزی لەکۆشکی ئەلیزێ پێشــوازییەکی گەرمی لەســەرۆك بارزانی کــرد کــە رووداوێکی مێژوویی بوو، ســەرۆك بارزانی ســەرۆکی قەوارەیەکی دەســتووری عێراقە کە هەرێمی کوردســتانە، سەرۆك ســارکوزی بەو سیفەتە وەکو هەر سەرۆکێکی تر پێشوازییەکی گەرمی لەســەرۆك بارزانی کرد، ئەمــە جگە لەوەی بەرێزیان کەســایەتییەکی دیــارو بەرچاوی عێراقە، دیدارەکە زۆر گەرم و گوڕو دۆستانە بوو دوور بوو لەســاردیی پرۆتۆکۆلییەوە، لەم روانگەیەشەوە سەرۆك ســارکوزی ئارەزووی خۆی بۆ ســەردانی کوردســتان دەربڕی و، ســەرۆك بارزانیــش ســەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆشــحاڵی بۆ ئەو سەردانە دەربڕی و داوای لێکرد ببێتە میوانی کوردستان، گەرچی کاتێك دیــاری نەکراوە بــۆ ئەم سەردانە، بەڵام سارکوزی خاوەنی قســەو بەڵێنی خۆیەتــی و پابەندە بەبەڵێنەکەیەوە.

تــەوەرێکی تری کــۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی فریدریك تیســۆ کونسوڵی گشــتی فەرەنسا لەهەولێر تایبەت بوو بەگرنگی یاداشتنامەی لێك گەیشــتن لە نێوان فەرەنســاو هەرێــمی کــوردســتان، لەمبارەیــەوە رایگەیاند: ئەو یاداشــتنامەیە نیازنامەیەکە لەنێــوان ئێمەو کوردســتان بۆ نیــازی ئێمــە لەکارکردن لە کوردســتان، بۆ یارمەتی و هاوکاری هەرێمێك کە ساڵانێکی زۆرە دۆستایەتی نێوانمان هەیە، یاداشــتنامە رێگایــەکە بۆ نیــشــانـدانی کــارکــردنــی هــاوبــەش، پێشــتر لـەگەڵ حکومـەتی عێــراق رێککەوتننامە مۆرکراوە، ئەم یاداشــتنامەیەش بەشــێکە لەو رێککەوتننامەیەو لادانی دەستووری تێدا نییەو پێشــتریش بەوەزارەتی دەرەوەی عێراق تێپەڕی کردووە، لەمــەش گرنگتر ئەوەیە کە بەزمانی کوردی نووســراوە، زمانــی کوردیش زمانی رەسمی دەستووری عێراقەو زمانی خەڵکی ئەم هەرێمەیە..

## حکومەتی فەرەنسا پاڵپشتی چەندین کۆمپانیای کردووە بۆ کارکردن لەکوردستان

لەوەڵامێکی پرســیاری گوڵاندا کە ئایا تا چ رادەیەك دەکرێت سوود لەکۆمپانیا فەرەنسییەکان وەرگیرێت و دەکرێت بێنە هەرێمی کوردســتان بۆ پێشخســتنی وەبەرهێنان و پێشــکەوتنی ئابــووری بەتایبەتــی کە زۆربــەی برگەو خاڵەکانی یاداشــتنامەکە ئابوورییە فریدریك تیســۆ گووتی: حکومەتی فەرەنسا پاڵپشتی چەندیــن کۆمپانیــای کردووە بــۆ کارکردن لەکوردســتان کــە کۆمپانیایەکیان ئێســتاکە لەســۆرانەو ســەرقاڵی پــرۆژەی ئاووئاوەڕۆ خاوێنکردنەوەی ئاوە، کۆمپانیا فەرەنسییەکان تا رادەیــەك دڵەراوکێیان هەیە بۆ کارکردن لەم هەرێمە چونکە شــارەزاییان دەربارەی هەرێمی کوردستان نییە، دوای ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەو پێشوازییە گەرمەی سەرۆك ســارکوزی بارودۆخەکە دەگۆڕێت و دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیاکانی فەرەنسا لەبارتر دەبێت، بەتایبەتی لەبواری کشتوکاڵی کە نوێنەرێکمان لەکوردستان دەبێت کە نوێنەری ٢٥٠ کۆمپانیای فەرەنســییە کــە لەبواری کشتوکاڵیدا کار دەکەن .



**ئەرکی سەرشانی حکومەتە ئابووری کوردستان واڵا بکات و لەئاست کێبرکێ و ئابووری جیهاندا بێت**

**فەرەنسا دەوڵەتێکە لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی سەنگ و پێگەی بەهێزی خۆی هەیە، ئەمەش کاریگەری باشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێت**

**پێویستە لەناوخۆی هەرێمدا هەموو لایەنە پەیوەندارەکان و دامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان پاڵپشتی جێبەجێکردنی یاداشتنامەکە بکەن**


لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761